# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد لە کاتێکدا ئەو لە دەرەوەی حاڵەتی ئیحرام بەستندا بوو

لە یەزیدی کوڕی ئەسەمەوە دەڵێت: مەیمونەی کچی حاریس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی بۆمکرد: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد لە کاتێکدا ئەو لە دەرەوەی حاڵەتی ئیحرام بەستندا بوو»، (یەزید) دەڵێت: «پوری من، وپوری ئیبن عەباس بوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

یەزیدی کوڕی ئەسەم باسی ئەوە دەکات کە دایکی ئیمانداران مەیمونەی کچی حاریس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەی بۆیکرد: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد لە کاتێکدا ئەو (مەیمونە) لە دەرەوەی حاڵەتی ئیحرام بەستندا بوو، واتا هاوسەرگیرییەکە لە حاڵەتی بەستنی ئیحرامدا نەبوو بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرە، پاشان باسی نزیکی ڕەچەڵەکی خۆی وعبد الله کوڕی عەباسی کرد -ڕەزای خوایان لێبێت- لەگەڵ مەیمونە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پوریان (خوشکی دایکیان) بووە، وهەروەها ئیبن عەباسیش بەهەمان شێوە ئەم گێڕانەوەی باسکردووە لە مەیمونەوە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەویش ئەوەیە (موحریم) -لە حاڵەتی ئیحرام بەستندا- نەبووە کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوسەرگیری لەگەڵدا کرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58074